

## لەنێو فایلـ

# بۆچی لەنـ

**عەقڵ و بیرکردنەوەی هەندێ لە پیاوانی کۆمەڵی ئێمە هێندە نامەنتیقەوە بۆی ناکرێ ڕەش و سپی لێک جیابکاتەوە، زۆرجار تاوانبار و بێ تاوان، گوناهبار و مرۆڤی خاوێن وەک یەک تەماشا دەکات، (لەنجە) لەبری ئەوەی وەک کچێک هەوڵی ئاشکراکردنی گوناهێکی داوە ڕێزی لێبگیرێ، کەچی لەلایەن بنەماڵەکەیەوە ئەویش وەک تاوانبار سزا دەدرێ**

ئا: باوکی میدیا

### دۆزینەوەی تەرمێک

نیوەڕۆیەکی ســاردوو باراناوی بوو کابرایەکی (٤٥)ســاڵی کە بەرێکەوت ڕێی بەو کۆڵانەدا کەوتبوو، لەگەڵ پێچ کردنەوەی، ڕەنگی سووری گۆماوە بچووکەکەی بەردەمی ســەرنجی ڕاکێشا و ســاتێك وەستا و وردتر دیقەتیدا، ئەمجا لەسەرەخۆ و هیواشــتر بەرەو گۆماوەکە چوو، سەری نەویتر کردەوە و بەرەو ئەو شوێنە دەڕۆیشت کە خوێناوەکە ڕەنگە سوورەکەی تۆختر دەبوو، لەپڕ وەســتا، بینی لە سووچی دیوارێکدا کچێکی (٢٠)ساڵەیی هەتا بڵێی جوان و شۆخ پشــتی بە دیوارەکە داوە و ملیشی لار بۆتەوە، ڕێك وەك ئەوەی حەزی کردبێ لەبن ئەو دیوارە لە ژێر دڵۆپەی بارانی ئەو کاتە سەرخەوێك بشکێنێ، وەها کەوتبوو دەتگوت تازە خەوی لێکەوتووە.

کابرا تۆزێك لە کچە ڕاما و ویستی بڵێ کچم ئەوە بۆ لێرە لەبەر ئەو بارانە خەوتووی هەموو لەشت تەڕ بووە، کەچی لەپڕ وەك بروسکە ژانێك بەنێو دڵی داهات و چاوی کردەوە یا ڕاســتترە بڵێیــن بەخۆداهاتەوە و چاوەکانی ئەبڵەق و زەق بوون، ســەرنجی لە جل وشــانیدا، دەستێکی درێژکرد و ویستی بزانێ خوێنەکە لە کوێی دێت، هەر زوو دەستی گەڕاندە دواوە و هەستی بە ترسێکی کوشــتندە و یەکجار ڕەشبین کرد. تازە هاتبۆوە سەرهۆشی خۆی، ئەوجا زانی ئەو کچە مرۆڤێکە و کوژراوە و لێرە فڕێدراوە.

کچە هێشــتا خوێنەکەی گەرمبوو، ئەوەندە خوێنەی لەلەشی مابوو، زۆر لەســەرخۆ لە شوێنی گوللەکە دەچۆڕاو دەهاتە دەرەوە، کابرا بەڕاستی ترسی گەیشــتێ خودایە چی بکەم، ئاخر ئەو کچە جوانەیان بۆ کوشتووە، کەسێك ئەوەندە مرۆڤ کــوژ و بێویژدان و دڵڕەق بێت، کچە جوان و جاحێڵێکی وەها بکوژێ، حەتمەن ئێســتا لە شــوێنێك خۆی مــات داوە و منیش دەبینێ، ئەوســا ئەگەر عەقڵی گرتی لەوانەیە گوللەیەك بنێ بەمنیشەوە هەتا زووە بابڕۆم... کابرا ئەو قســانەی لەدڵی خۆی کرد و چەند هەنگاوێك ڕۆیشــت تۆزێك ڕاوەســتا، دەموچاوی ســوور هەڵگەڕاو مووەکانی لەشی ڕەپ بوون، دەمووچاوی گرژبوو هەناســەی توندتربوون و دڵی زیاتر لێیدەدا، گەڕایەوە دواوە و بە ڕقێکی زۆرەوە سەیری گۆماوە خوێنەکەی کردوو بڕیاری خۆیدا.

### ئاگادارکردنەوەی پۆلیس

کابــرا مۆبایلەکەی گیرفانی دەرهێنــا و زەنگی لێدا، دوای نزیکەی چارەگە سەعاتێك دووسێ ئۆتۆمبێلی پۆلیس بە چەند پۆلیس و ڕێپێدراو و ئەفسەرێکەوە گەیشتنە شوێنەکە و کابرا چووە پێشەوە و خۆی پێناساندن و گوتی: ناوم خۆشــەوییە، ئەم نیوەڕۆیە، کە هەمووی ٢٠خولەکێك دەبێ بێرەدا ڕەتبــووم و بەرێکەوت ئەم تەرمەم لێرە بینی و زەنگم بۆ ئێوە لێدا.. قسەکانی خۆشەوی تۆمارکرا و دەستکرا بە پشکنینی شوێنی ڕووداوەکە و هەرچی لەوێ هەبوو هەمووی تۆمارکرا و پاشان تەرمەکە بردرایە پزیشکی دادی و لەوێ پشــکێنرا، لە پشــکنین دەرکەوت نزیکەی دوو کاتژمێرێك دەبێ کوژراوە، گوللەیەك لەملی دراوە، بۆڕی خوێن و ماسولکەکانی ملی هەڵزڕاندووە و دوو بڕبڕەی ملیشی شکاندووە، دەورووبەری کونی گوللەکە شــوێنی باڕووت و سووتان هەیە ئەمەش نیشانیدەدات کە زۆر لە نزیکەوە گوللەکەی لێدراوە، دوای تەوابوونی پشــکنینی پزیشــکی ڕاپۆرتەکە بە پەراوەکەی کە بۆی کرابۆوە بەســترا، لێکۆڵینەوەیەکــی دووروودرێژیش لەگەڵ (خۆشەوی) کرا، دەرەنجامی لێکۆڵینەوە دەریخست کە(خۆشەوی) تەنیا هەواڵدەری ڕووداوەکە بووە و بەس، هیچ پەیوەندییەکی بە تاوانەکەوە نییــە دوای چەند ڕۆژێك لە لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ دەرکەوت کە ئەو کچە پێشــتر بە دوو ڕۆژ لە بنکەی چاکسازی نێوجەوانان بووە، هەر کە هاتۆتە دەرەوە ڕۆژی دوایی کوژراوە.

### لەنجە کێ بوو؟

کــە پۆلیس بە ناوی بنکەکەدا ڕۆیشــتەوە، دەرکەوت ناوی (لەنجە)یە و وێنەکەشی لە لیســتەکە درابوو، هۆی مانەوەشی لەو بنکەیە تەنیا بۆ پارێــزگاری لێکردنی بووە و هیچی تر، بەڵام چۆن هاتۆتە ئەو شــوێنە؟ توێژەری کۆمەڵایەتی بنکەکە ئەم شێوەیە گێڕایەوە و گوتی: ڕاستییەکەی برادەرانی پۆلیس لەسەر بڕیاری دادوەری تایبەتمەند (لەنجە)یان هێنایە ئێرە، (لەنجە) لەماڵی براکەی دەژیا، ماوەیەك بوو گومانی لەبراژنەکەی خۆی هەبوو کە دەســتی لەگەڵ کوڕێك هەبوو، کاتێك(لەنجە) دەچووە پەیمانگا



## ...ـەکانی دادگاوە

# ...ـجە کوژرا؟

(چونکە قوتابی پەیمانگا)بوو، براژنەکەی ژوانی لەگەڵ کوڕەکە دادەنا، یەك دووجارێك (لەنجە) خۆی لە بۆسـەدابوو بۆی، ڕۆژێك بە براژنەکەی گوت: ئەمڕۆ زوو دەچمە پەیمانگا چونکە تاقیکردنەوەمان هەیە دەچم لەوێ دەخوێنم تا کاتی تاقیکردنەوەم دێت، براژنەکەشی گووتی: باشە بڕۆ کە ڕۆیشت، لە سووچێکی کۆڵانەکەیان خۆی مەڵاس دەدا، دوای کەمێك کوڕێك بەدیار دەکەوێ کە پێنج شەش ساڵێك لە براژنەکەی بچووکتر دەبێت، یەکسەر خۆی بە ژووردا دەکات و براژنەکەشی دەرگای حەوشەکە دادەخات (لەنجە)ش بەخێرایـی دەڕوا و بەتووندی لـەدەرگا دەدات، پاش تۆزێك برژانەکـەی دەرگاکە دەکاتەوە،(لەنجـە) بەپرتاو خۆی بەژوور دادەکات و یەکـە بەیەکەی ژوورەکان دەگەڕێ دەبینێ کەسی لێنییە، بەهاواروقیژەوە بە براژنەکەی دەڵێ کوا ئەو کوڕەی هاتە ژوورەوە لەکوێت شـاردۆتەوە، براژنەکەشـی خۆی لێ نـەزان دەکات و بەتوڕەییەوە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: کچێ جارێکی تر قسەی وا نەکەی، ئەوە ماڵەکە لە پێشتە بگەڕێ تا دەیدۆزییەوە، ئەگەر دۆزیتەوە حەیام ببە، ئەگەر نەتدۆزییەوە هەرچی خراپ بێت پێتی دەکەم، ئەم مشـتومڕە ماوەیەك دەکێشـێ و(لەنجە) لە دۆزینەوەی کوڕەکە بێئومێد دەبێت و پێی دەڵێ: دەزانم بەسـەربان بەڕێت کرد، بەس وەرە پێم بڵێ بۆ وادەکەی براکەم چ خراپییەکی بۆ تۆ هەیە..؟ ئەگەر پێی ناڕازی خۆ جارێ منداڵتان نەبووە، ئاسـاییە داوای تەڵاقی لێبکە و جیابەوە لێی بۆ خیانەتی لێدەکەی...(لەنجە) بەنیازبوو بە قسەی خۆش دانپیانانی لێوەربگرێت، هەر وەك خۆی بۆ ئێمەی باسـی کردووە قسەکانیشی لای ئێمە بەشێوەیەکی یاسـاییانە تۆمارکراوە، بەهەرحاڵ وەك خۆی پێی گوتین: مەبەسـتم ئەوەبوو دان بە هەڵەکەی خۆی بنێ و ئینجا وای لێبکەم واز لەوکارە هەڵەیەی بێنێ، چونکە لەوانەیە سـەری تیابچێ و ئابڕووی ئێمەش بچێت، بەڵام قسـەکردن لەگەڵی بێسوود بوو، ئەو هەر سـوور بوو لەسـەر نکوڵی کردن لێی، ئەوەبوو منیش بڕیارمدا و گوتم: سـوێندبێت، کە من بە چاوی خۆم ئەو کوڕەم بینی، هەر دەبێ بەسـەر تاوانەوە بتگرم و لەدەمی خۆت دانپیانان ببیستم.

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە لەسـەر قسەکانی دەڕوا و دەڵێ: بەڕاستی (لەنجە) کچێکی تا بڵێی بەحەیا و بەئەدەب بوو، هەڵەی باوك و براکانی گەیاندییە ئێرە، ئەگەر کەللەڕەقی و بێ عەقڵی و نەزانی باوك و براکانی نەبووایە، پۆلیس ناچار نەدەبوو ئەو کچە لێرە دابنێ بۆ پاراسـتنی، ئەوە تەنیـا هەفتەیەك لێرە مایەوە، بەڵام شـەو و ڕۆژ دەگریا و دەیناڵاند و دەیگوت: توخوا من شـوێنم ئێرەیـە، براژنەکەم تاوانی کردووە من چی بکەم... بەهەرحاڵ (لەنجە) سـووربوو کە کارە هەڵەکەی براژنەکەی بە بەڵگـەوە ببینێ، ئیتر چەند جارێکی تر خۆی لێ مەڵاس داوە، ڕۆژێك دەڵـێ دەچمە پەیمانـگا و بە براژنەکەی دەڵـێ دەرگاکە لەدوای من داخە، بەڵام کە دەڕوا کلیلی ژوورەوە لەگەڵ خۆی دەبات، لە شـوێنێك خۆی مەڵاس دەدات و دەبینێ هەمان شـتی جارانە، ئەمجارە دەچێتە ماڵی دراوسـێیەکەیان و دەڵێ کەسمان لەماڵ نییە و کلیلیشم لە ماڵەوە لەبیر کردووە بەسـەربانی ماڵی ئێوە دەچمە سەربانی خۆمان و دەرگای ماڵەوەمـان دەکەمەوە، ئەوانیش دەڵێن بڕۆ، لەسـەربان بەرمیلێك دێنێ و بەسـەری دەکەوێ تا بتوانێ بەسـەر دیوارەکەوە بکەوێ، بەهەرحاڵ بەهـەر زەحمەتێك بێت بەسـەردیوارەکە دەکەوێ و خۆی بۆ سـەربانی خۆیـان تێهەڵدەدا لەوێ بەهێواشـی و بەپارێز دێتە خـوارەوە و گوێی لەدەنگـە دەنگێکی نزم دەبێت کە هی هەردووکیان دەبێ، وردە وردە و بە نەرمی دێتە خوارەوە و لەدەنگەکە نزیك دەبێتەوە تا دەزانێ لەکام ژوورە، ژوورەکە نیوەی دەرگاکەی کرابۆوە، لەسـەرەخۆ سەری دەباتە پێشەوە و دەرگاکە بە ئاسـتەم لەسەرخۆ دەکاتەوە و لە سوچێکی کەمی دەرگاکە بەشێکی لەشی هەردووکیان دەبینێ کە ڕووتن، ئیتر دەزانێ کە ئەوان وا تێکئاڵاون و ئاگایان لەکەس نییە و پێکەوەن، ئەویش بڕیاری خۆی دەدا و لەپڕ وەکو بروسـکە دەرگاکە دەکاتەوەوە و ڕووبەڕووی هەردووکیان ڕەق ڕادەوستێ، سەیرێکی براژنەکەی دەکات و تفێکی ڕووبەڕووی لێدەکات و بەکوڕەکەش دەڵێ هەستە کوڕی ناپیاو هەتا بەکوشتنم نەداوی لەو ماڵە بـڕۆ دەرەوە و ون بە، کوڕە بەپەلە پەل جلوبەرگەکانی کۆ دەکاتەوە و لە دەرەوەی ژوورەکە لەبەری دەکات و بە براژنەکەشی دەڵێ: ها ڕەنگ زەرد و پەرێشان و بێ دەم و زار ماوی، بۆ قسەناکەی، بۆ نکوڵی ناکەی؟

پاشـان (لەنجە) بڕیـار دەدات بە براکەی بڵێ بـەڵام نایڵێ، هەر چۆنێك بێت چەند ڕۆژێك ئەو مەسەلەیە لەمێشکی دەخولێتەوە، ئینجا بڕیـار دەدات بە براکەی بڵێ، بـەڵام تا ئەو بە براکەی دەڵێ، براکەی بەخۆی گومانی لێدەکات و دواتر بەڵگە لەسەر ژنەکەی خۆی بەدەست دەکەوێ، براکەی و براکانی تری و باوکیشـی دێنە سەر ئەو بڕوایەی کە (لەنجە)ش لەگەڵ براژنەکەی دەسـتی تێکەڵە و ئەوکارانە دەکەن، هـەر چەند هـاوار دەکا و دەقیژێنێ کە ئەو چاکـە و تەنیا ژنەکەی ناپاکی لێکردووە و مەسەلەکەی زۆر گەورە بووە لەلای بۆیە نەیتوانیوە دەمودەسـت بڕیار بدات کاروکردەوەی براژنەکەی ئاشکرا بکات، هەموو ئەو قسـانە بێسوود دەبێ و بڕوای پێناکەن، ئیتر کە کۆدەبنەوە و بڕیار دەدەن هەردووکیان بکوژن، دایکی بە مەسەلەکە دەزانێ و دراوسێیەکیان هەواڵ بۆ (لەنجە) دەنێرێ کـە بڕواتە بنکەی پۆلیس و خۆی دەرباز بکات و شـکایەت لە براکانی بکات کە بەبێ گوناە و تاوان دەیانەوێ بیکـوژن، کە(لەنجە) هەواڵەکەی پێـدەگات دەچێتە بنکەی پۆلیس، پۆلیسـیش لەسـەر بڕیاری دادوەر لە بنکەی چاکسازی دادەنێت بۆ پاراسـتنی، پاش ئـەوەی هەفتەیەك دەمێنێتەوە کە دێتـە دەرەوە بەو شێوەیە دەیکوژن کە زانرا، دیارە براژنەکەشیان کوشتووە، بکوژیش برای (لەنجە)یە و هەڵاتووە، ماڵی باوکیشـی هەموویان ماڵیان بارکردووە و کەس نازانێ بۆ کوێ چوون.

●●●
**کچە هێشتا خوێنەکەی گەرم بوو، ئەوەندە خوێنەی لە لەشی مابوو زۆر لە سەرخۆ لە شوێنی گوللەکە دەچۆڕا و دەهاتە دەرەوە**
●●●

●●●
**دوو ڕۆژ پێش ڕووداوەکە (لەنجە) لە بنکەی چاکسازی نەوجەوانان بوو، هەر کە هاتبووە دەرەوە ڕۆژی دواتر کوژرابوو**
●●●



# ئەو ئافرەتەی هەڵەی پێشووی دووبارە کردەوە

گەلێ جار مرۆڤ کە گوێبیستی هەندێ لە ڕووداوەکانی نێو ئەم کۆمەڵگایە دەبێت لە ئاستییاندا خۆی پێ ڕاناگیرێ و حەزدەکات بەر هەر جۆرێك بێت بچێتە نێو بنجوو نێوەڕۆکی بەسەرهاتەکانەوە، بەتایبەتی ئێمەی ڕۆژنامەنووس کە هەردەم دەمانەوێت بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێین و بۆ خوێنەرانی بگوازینەوە و وەك هێلکەیەکی پاککراو بیخەینە بەردەستیان، دیارە لە زۆرکات و ساتدا پەنجەی تاوان و تاوانبارکردن بۆ پیاوان درێژ دەکرێت، کە ئەوان لە نێو کۆمەڵگادا پلەیەك تاوانبارن، بەڵام من بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێ لەو کەسانەم و پێم وایە هەردوو ڕەگەز لە کۆمەڵگا بەرامبەر بەم و ڕووداوانە تاوانبارە ، چونکە هەر وەکو دەڵێن چەپڵە بە دەستێك لێنادرێت تاوانیش بە ڕەگەزێك ئەنجام نادرێت، بۆیە دەبێت لە ئەنجامدانی هەر کارێك ئەقڵ و بیر بەکاربهێندرێت، بۆ ئەوەی نەکەوینە نێو ئاریشەیەك کە دەربازبوون لێی زۆر زەحمەت بێت و لێرەدا پەشیمانی دادنادات، دیارە من ئەو قسانەم هەروا نەهێناوەتەوە، ماوەیەك لەمەوپێش لە نێو خزم کەسەکانی باوکم مقۆمقۆیەك هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە ئەوەندە هامۆشۆیان ناکەین، بۆیە ڕاستی بەسەرهاتەکەمان نەدەزانی، تا وایلێهات ئەم مەسەلەیە لای کەسانی دیکەش باس دەکرا، ئەویش گوایە (ج) ی تەمەن(٢٨) ساڵان گیراوە و ئێستا لە بەندیخانەدا دەست بەسەرە،(ج) ، خاوەن خێزانە و سێ کچی هەیە و ئەوەی من بزانم کچەکانیشی کەمێك ئیفلیج و کەم ئەندامن ،(ج) ئەوە چەند ساڵە پۆلیسە ماوەیەکیشە لە سەنتەری (.....) کار دەکات، بۆ وارێك ناکەوێت ئافرەتێك لە کاتی ژوانا لەگەڵ کەسێك لە ماڵی باوکی ئەو ئافرەتەوە دەبیندرێت و ئەو کات پیاوەکە ڕادەکات و ئافرەتەکەش لە ترسی هەڕەشەی خانەوادەکەی بە هەمان شێوە ڕادەکات بۆ بنکەی توندوتیژی ئافرەتان و دوای وەرگرتنی وتەکانی ڕەوانەی سەنتەری (....) دەکرێت کە (ج)ی پۆلیسیش ئیشی لەوێیە پاش ماوەیەك پەیوەندی لە نێوانیان دروست دەبێت و دەگاتە ڕادەی ئەوەی کەوا(ج) م وەعدی هێنان بەو ئافرەتە دەدات و ئەو مەوزوعەش لە ماڵێ لای دایك و باوکیشی دەکاتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی (ج) کرێچی دەبێت و باوکی سێ منداڵیشە و مووچەکەی تەنیا بەشی کرێ گرتنی ژوورێك دەکات، بۆیە دایك و باوکی بەو ژنهێنانەی ڕازی نابن و ئەویش کاتێ ئەم هەواڵە بەو ئافرەتە ڕادەگەیەنێت تووڕە دەبێت و سکاڵای دژی (ج) تۆمار دەکات کە گوایە سووکایەتی پێکردووە، بۆیە هەردوو لا واتە(ج) و ئافرەتەکە ڕووبەڕووی یەکتر دەکرێنەوە و هەردووکیان دان بەو پەیوندییە دەنێن. دادگا بڕیاری بەندکردنی (ج) دەدات، بەڵام دوایی و بەهەر جۆرێ بێت ئەو ئافرەتەکە ناوی (ئە،ج) دەبێت ڕازی دەکەن، بۆ ئەوەی لە داوای خۆی پەشیمان بێتەوە ئەویش لە بنکەی پۆلیسی (...) لە داواکەی خۆی خۆش دەبێت و ئەوکات(ج) بە کەفالەت بەردەبێت، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی کەوا ئێمە وەرمان گرتووە، دادوەر ئەم بڕیارەی تەمیزکردۆتەوە و ئێمەش چاوەڕوانی ڕۆژی دادگایی و هۆکاری تەمیزکردنەوە دەکەین.

مرۆڤ کە هەڵەیەك دەکات پێویستە سوود لەو هەڵانە بۆ دووبارە نەبوونەوە وەربگرێت، نەوەکو ئامادەبێ بۆ دووبارە کردنەوەی هەمان هەڵەی پێشوو کەوا بە دڵنیاییەوە بەرەو هەڵدێرمان دەبات ژیانیان لێ دەکاتە دۆزەخێکی هەمیشەیی و بێ کۆتایی.

بۆیە پێویست بوو(ئە) بە هیچ جۆرێ ئەم هەڵەی پێشووی دووبارە نەکردبایەوە و سوودی لە هەڵەی پێشووی وەربگرتبایە، نەوەکو لە کاتی چوون بۆ سەنتەری (...) هەوڵبدات پەیوەندی لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا دروست بکات و هەمان هەڵسوکەوتی پێشووی بۆ دووبارە بێتەوە و دواتر سکاڵا دژی ئەم پیاوە تۆمار بکات، دەبوایە(ئە) پێش ئەوەی سکاڵا دژی (ج)، تۆمار بکات کە گوایە وەعدی هێنانی پێداوە پێویست بوو سکاڵا دژی ئەو پیاوە، تۆمار بکردایە کەوا پێشتر پەیوەندی لەگەڵدا هەبوو، چونکە ئەو بووە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی (ئە) ی بێتە ئەم شوێنە و بەمجۆرە ژیانی لێ بشێوێت.

(ج) منیش بەر لەوەی بیر لە پەیوەندیەکی لەو جۆرە بکردابایەوە دەبوایە ماڵ و منداڵەکانی هاتبا پێش چاو و تەقدیری وەزعی ئابووری خۆشی بکردبا.



●●●
**کە(ج) نیازی ژن هێنانی دووەم بە دایک و باوکی دەڵێت، ئەوان بە توندی ناڕازی بوونی خۆیان دەردەبڕن و دەڵێن: تۆ خاوەنی ٣ منداڵی و خانووت بە کرێیە چۆن بیر لە ژنی دووەم دەکەیتەوە؟**
●●●

●●●
**ئەو ئافرەتە بەر لەوەی بیر لە پەیوەندی دانان لەگەڵ(ج) بکاتەوە، دەبوایە هەوڵی تۆمارکردنی سکاڵا دژی ئەو کوڕە بدات کە بەهۆیەوە ماڵی جێهێشت، بەڵام بەداخەوە وادیارە سوودی لە هەڵەکەی پێشووی وەرنەگرت و کەوتە داوی هەڵەیەکی دیکەوە**
●●●



## لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# ئەو ئافرەتەی بەسەر تاوانەوە گیرا

پێش نیوەڕۆ بوو کە (هۆگر) مۆڵەتی کاتژمێرێکی لە فەرمانگەکەی وەرگرت و بەرەو ماڵەوە ڕۆیشت، ئەو ڕۆژە دەبوو هۆگر ناسنامەکەی لەگەڵ خۆی ببردبایە بۆ فەرمانگە، چونکە بەشی کارگێڕی فەرمانگەکەی داوایان لێکردبوو، ئەویش لەگیرفانی کراسێکی تری بەجێهێشتبوو، بۆیە ناچار بوو مۆڵەت وەربگرێت و بگەڕێتەوە ماڵەوە، کە گەیشتە نزیك دەرگای ماڵەوە، دەرگاکەی کردەوەو یەك دوو هەنگاوی هاویشت و گوێی لەدەنگی ژن و پیاوێك بوو، وەك ئەوەی بڵێی خەریکی کاری سەرجێی بن، بە ئەسپایی نزیکبۆوە، گوێی بەجوانی لەدەنگەکان ڕاگرت،سەرەتا بڕوای نەکرد کە یەکێك لە دەنگەکان هی خێزانەکەی بێت، دوای دڵنیابوو لەوەی کە ئەوە دەنگی خێزانیەتی، بەڵام ئەدی ئەو دەنگە گڕە نێرانەیە هی کێیە؟ یەك دوو قۆناغی تر چووە پێشەوە و دەرگاکەی بەنەرمی و هێواشی پاڵداو سووچێکی کردەوە خەریکبوو شێت دەبوو، ڕەنگ و ڕووخساری گۆڕا، ترپەی دڵی زیاتر بوو، لێشاوێك لە کەف و کوڵی توڕەیی بەنێو دەمارەکانیدا ڕەتبوو، بڕوای نەدەکرد ئەوەی دەیبینێ ڕاستە، چۆن وادەبێ، ئەوە سیانزە ساڵە ژنیەتی و چوار منداڵی لێی هەیە، شەوو ڕۆژ ڕاکەراکەیەتی بۆ ئەو خێزانە، کەچی ئەویش وا لەباوەشی پیاوێکی ترەو خەریکی هەوەسبازییە، ساتێك ڕاماو شریتی هاوسەرێتی ئەو سیانزە ساڵەی وەك فلیمێکی سینەمایی بە بەرچاویدا گوزەری کرد و ئاهێکی زۆر خەفەتبارانەی لەدەم هاتە دەرەوەو بڕیاری خۆیدا، لە پڕ دەرگاکەی کردەوە هەردووکیان بە نیمچە لەشی ڕووتەوە کە لەوپەڕی قاقای پێکەنین و تریقانەوەو خۆشی و لەزەت دابوون، وەك دوو ماری ئاشق و مەئشوق تێکئاڵابوون، هیچ حسابێکیان بۆ سەرەنجامی ئەو کارەیان نەکردبوو، دەرگای حەوشەیان لەبیرکردبوو دابخەن، دەرگای ئەو ژوورەشی کە لێی بوون، هەر تەنها داخرابوو، بێ ئەوەی قفڵی بدەن لەناو ئەو خۆشییەدابوون کە لەناکاو دەرگاکەیان لێ کرایەوەو ئاوڕێکیان بەلای دەرگاکە دایەوە، ئیتر هەردووکیان، سیمایەکی تاڵی تێکەڵ بە پاڕانەوەو هەستکردن بەگوناه و تاوان و پەشیمان بوونەوەلەچاویان دەرکەوت و وەك بروسکە نیشتە سەر ڕووخساریان و هەرچی پێکەنین و خۆشی و تریقانەوە هەبوو، کەپێش ساتێك نوقمی ببوون، هەموو بوونە هەڵم و نەمان، هۆگر پەلاماری کابرای داو وەك گورگێکی بریندارو هارو دڕ تاوی دایە کابرا، بەمست و بە چڕنووك و بەشەق، بەهەرچی لەتوانای لەشیدابوو، لێیدا، تا دەستی لە قورگی گیرکرد بیخنکێنێ، بەهەردوو دەستەکانی توونند قورگی گرت و کوشی، کابرا ڕەنگی سپی بوو، چاوی دەرپەڕین و ئەبڵق بوون، دەتگوت ئێستا نا ئێستا دەتەقن، ژنەکەی کەزانی کابرا خەریکە دەمرێت کراسەکەی بە پەلە خستە بەرخۆی و پاڵێکی بەمێردەکەیەوە ناو بەریدایەوە، بەو پاڵنان و بەردانەوەیە کابرا لەژێر دەستی دەرهات و ئەویش دەستی لە هەوکی بەربووە ئینجا ژنەکە ڕایکردە دەرەوەو خۆی گەیاندە کۆڵانەکەیان و هاواری دەرو دراوسێیانی کرد، بەپەلە یەك دووپیاوی گەڕەك بەهانایەوە چوون و لێیان پرسی چی بووە؟ ئەویش گوتی هۆگر لە ژوورەوەیەو خەریکە کابرایەك دەخنکێنێ، یەکێك لەو پیاوانەی گەڕەك کە دراوسێی ماڵی هۆگر بوو، ناوی ئەحمەد بوو، ئەحمەد و پیاوێکی تری کۆڵان تاویان دایە ژوورەوە دواتر چی بوو، چی

روویدا، با ئەحمەد خۆی ئەو ســـاتانەمان بۆ بگێڕێتەوەو لەزاری ئەویشەوە بزانین دواتر کێشەکە بەچی گەیشت... ئەحمەد بۆی باسکردین و گوتی: کە ئێمە چووینە ژوورەوە، هۆگر پڕی دەدایە کابرا کە ئێمە نەماندەناســـی کێیـــە!! چونکە هی گەڕەك نەبوو، ئیتر بەمست لێیدەدا بە پێلەقەو بەهەرچی بۆیکرابایەو بکەوتایەتە بەردەســـتی پیایدەکێشـــا، پەرداخێك لەو ناوە بوو دیاربوو هۆگر بەو لەســـەری کابرای دابوو، بۆیە هەم ســـەری کابرا شـــکابوو، کـــە خوێنی لێدەچۆڕا هەمیش پەرداخەکە شـــکابوو، کابرا تەنها دەرپێیەکی لەبەربوو، جلکانی دیکەی لەنزیك پەنجەرەی ژوورەکە کەوتبوو هەر چۆنێك بوو کابرامان لەژێردەستی هۆگر دەرهێنا، چ هۆگر و چ کابراش هەردووکیان شەلالی ئارەقە ببوون، هەناسەیان ســـوار ببوو، کابـــرا زارترەك ببوو، رەنگی لەبـــەر نەماوبوو، خوای فریاد رەسێك بوو لەو مردنە مسۆگەرەی رزگاری بکات، بەهەر جۆرێك بوو کابرامان لەژێردەستی دەرهێنا، هۆگر هاواری لێکردین کە ئازادی نەکەین، چونکە ئەو نایەوێ ئەگەر بەخۆشی نەیتوانی بیکوژێت وەها بەئاسانی لەدەستی دەربازی ببێت، هیچ نەبێ دەبێ دەســـتگیر بکرێت، بۆیە داوای لێکردین کە پەیوەندی بەپۆلیســـەوە بکەین، ئێمەش لەســـەر قســـەی خـــۆی کابرامان لەســـووچێك راگرت و یەکێکیشمان پەیوەندی بە پۆلیسەوە کرد و دوای ماوەیەکی کورت ئۆتۆمبێلی پۆلیس گەیشـــتن کابراو ژنی هۆگرمان رادەســـتیان کردو هۆگریش بە ئۆتۆمبێلێکی تاکســـی بەدوایاندا رۆیشت، ئێمەش وەکو دراوسێیەکی دەرگای ژوورەکانمان داخســـت و دەرگای حەوشەشمان شیشدا، پرسیاری منداڵەکانمان کرد، دیار بوو یەکێ لەدراوسێیەکانمان گوتی لەگەڵ منداڵەکانی من چوونەتە قوتابخانەو ئەمڕۆ دەوامی بەیانینن، دوای نزیکەی کاتژمێرێك من و حەمەسووری دراوسێ بۆ بنکەی پۆلیس بانگ کراین، دیار بوو هۆگر ســـکاڵای لـــەدژی تۆمار کردبووین و ئێمەشی کردبووە گەواهیدەری رووداوەکە .

## گەواهیدانەکەمان چۆن بوو؟

ئەحمەد بەردەوام دەبێ لەســـەر گێڕانەوەی ئەو کێشـــەیەو دەڵێ: کـــە ئێمەیان بانگ کرد، دیار بوو پێشـــتر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ژنەکـــە و کابرا کردبوو، هۆگر لە گوفتاری خۆیدا گوتبووی کە هەردووکانی لەسەر جێگە بەرووتی بینیوە و خەریکی هەوەسبازی بوونە، ئێمەشـــی کردبووە شایەتی ئەو رووداوە، لەراستیدا ئێمە ژن و پیاوەکەمان پێکەوە بە رووتـــی بینیبوو، بەڵام دیتمان ژنەکەی هاتبـــووە کۆڵان و هاواری لێکردیـــن بگەینە مێردەکەی خەریکە پیاوێك دەخنکێنـــێ، ژنکەی رووت نەبوو، بەڵام تەواو شـــپرزە دیـــار بوو، کەچی ئێمە چووینـــە ژوورەوە کابرا تەنها دەرپێیەکی لەبەردابوو، هۆگریش خەریکی لێدانی بوو، شـــایەتییەکەی ئێمە وەرگیراو رۆیشتین.

پاشـــان دوای دوو کاتژمێرێکی دیکە هۆگـــر لەبنکەی پۆلیس هاتەوە، لێی چووینە پێش و لێمان پرســـی چی بوو مەســـەلەکە بەچی گەیشت..؟

گوتی: کە گوفتاری منیان وەرگرت هی ئەوانیشـــیان وەرگرت، ژنەکەم گوتی ئەوەی کردوومە راســـتە هەڵەبووە، بەڵام ئەم کورەم خۆشـــدەوێ و لەو پێناوەشدا ئامادەم باجی هەڵەکەشم بدەم، بەڵام کابرا ســـەرەتا نکوڵی لێکردبوو، دیـــارە لێکۆڵەرەوەکە زیرەك بووە، توانیویەتی قەناعەتی پێبکات دان بە راســـتی رووداوەکە دابنێ و گوتوویەتی: من دوکانی کەمالیات و کەرەســـتەی جوانکاری ئافرەتانم هەیە، نزیکەی ساڵێك پێش ئێستا ئەو ژنە هاتە دوکانەکەم و هەندێ ســـۆراوو بۆنی کڕی و پارەکەیدا، دوو سێ رۆژی تر دیسان هاتەوە، ئەو جارە هەندێ شتی گران بەهای کڕی و نیوەی پارەکـــەی داو نیوەکەی تر گوتی چەند رۆژێکی تر دەیدەم، ئیتر بەو شـــێوەیە هەفتەی جارێك دووان دەهات و نزیکەی نیوکاتژمێر هەندێکجار کاتژمێرێك و زیاتر دەمایەوە، ئینجا دەکەوتینە گفتوگۆن زانی کە من ژنم نییەو سەڵتم، باری داراییم باشە پەیوەندییەکەی لەگەڵم توندو تۆڵتر کرد، ئـــەوە بوو هەندێکجار بەنیوەڕۆ دەهات کـــە دوکانەکەم چۆڵ دەبوو منیش شـــوێنێکی پەنام هەبوو، جار جـــارە بۆ چەند خولەکێك بەتەنهـــا دەچووینە ئەو پەنایە ئیتر بەو شـــێوەیە پەیوەندییەکەمان پەرەی ســـەند و چەند جارێك لەماڵی خۆیـــان ژوانی بۆ دادەنام و منیش دەچوومە ماڵیان، بۆچی ئەو پەیوەندییەمان دروســـت بوو؟ راستییەکەی هەردووکمان یەکترمان خۆشدەوێت و ئامادەشم ئەگەر مێردی تەڵاقی بدات بیخوازم، ئەوە بوو تا ئەو رۆژەی کە بەســـەریەکەوە لەماڵی خۆیان گیران، ئێمە هەر بەردەوام بووین لەگەڵ یەك راستی پەیوەندییەکەمان ئەوە بوو بۆیە ئەگەر سزاش بدرێم بەندیش بکرێم من ئەو ژنەم هەر دەوێت و هەر دەشیخوازم بەو مەرجەی مێردەکەی تەڵاقی بدات.

## بڕیاری تەڵاقدان و بەندکردن بۆ ماوەی دوو ساڵ

ئەحمەد دەرەنجامی کێشـــەکەمان بەو شێوەیە بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: کاتێك لێکۆڵینەوە تەواو بوو دۆسییەی کێشەکە رەوانەی لای دادوەری لێکۆڵینەوە کرا، ئەویش بڕیاری بەندکردنی کاتی هەردووکیانیـــدا تا لێکۆڵینەوە تـــەواو دەبێ، دوای نزیکەی ٣ مانگێـــك رەوانەی دادگای کەتن کران و دادوەری ئەو دادگایە هەردووکیانی بەدوو ســـاڵ بەندکردن سزا داو هەموو مافێکی شارستانی و هاوسەرێتیشی بۆ هۆگر مسۆگەر کرد، کە بەدوو ســـاڵ بەندکردن ســـزا دران، هۆگر داوای لێکجیابوونەوەشـــی لەدادگای باری کەســـی تۆمارکـــردو حوکی لێکجیابوونەوەی لەویش وەرگرت و هەر چوار منداڵەکەشی بۆ خۆی گێڕایەوەو لە هەموو مافێکیش کە ژنێك هەیەتی، دادا گا بێبەشـــی کرد، دوای ئـــەوەی بەتەواوەتی لێکجابوونەوە، هێندەی نەبرد، هۆگر ژنێکی تری هێناو ئەو ژنەی هاتە سەر ماڵ و منداڵەکانیشی وەکو گوڵ بۆ بەخێو دەکردو سەرپەرشـــتی دەکردن، بەڵام هۆگر هـــەر وەك بەخۆی بۆی باس دەکردین هەر ســـاتێکی ژیان لەو کۆڵانەو لـــەو خانووەی کە تیایدایـــە، مردنێکە بۆخۆی کابرا زۆر شـــەرمی لەخۆی دەکردو زۆر بەســـەرخۆیدا دەشکایەوە، بۆیـــە بڕیاریدا کۆڵانەکە بەجێبهێڵێ هەرچەندە زۆرمان لەگەڵ هەوڵدا واز لەو بیرۆکەیە بێنێ، بەڵام هەر نەمانتوانی پەشیمانی بکەینەوە، بۆیە خانووەکەی فرۆشـــت و سەری خۆی هەڵگرت، ئێستاش نەمانزانی چووە چ گەڕەکێك یان چ شارێك بەڕاستی کابرایەکی ســـادەو دڵساف بوو، ژن و منداڵەکانی زۆر بەجوانی بەخێودەکرد، قەت نەشـــمانزانیبوو، لەگـــەڵ ژنەکەی ناکۆکی و ناخۆشـــی هەبووبێ، بەڵام ژنەکەی بـــۆ وایکرد، بۆ دوای چوار منداڵ و ســـیانزە ساڵ ژن و مێردایەتی ئەو شتەی کرد، نازانم؟

●●●
**هۆگر خەریک بوو شێت دەبوو، رەنگ و روخساری گۆڕا، ترپەی دڵی زیاتر بوو، لێشاوێک لەکەف و کوڵی تورەیی بەناو دەمارەکانیدا رەتبوو، بڕوای نەدەکرد ئەوەی دەیبینێ راستە**
●●●

●●●
**دوای نزیکەی سێ مانگ رەوانەی دادگای کەتن کران و دادوەری ئەو دادگایە هەردووکیانی بەدوو ساڵ بەندکردن سزادا، هەموو مافێکی شارستانی و هاوسەرێتیشی بۆ هۆگر مسۆگەر کرد**
●●●



* دەمێک بوو کچە لە بەردەم دەرگا راوەستابوو چاوەڕێی فەرمووی دەکرد، کەچی ئەوەی بەرامبەری دەمی ببووە تەڵەی تەقیوو هیچی پێنەدەگوترا

# تاوانێک لە نووسینگەیکۆمپانیایەکدا ئەنجامدرا

(بەڵێن) دوای دوو ساڵ لە تەواوکردنی کۆلیژ، بەخت یاوەری بوو توانی لە کۆمپانیایەك دابمەزرێت و کاری ژمێریای وەربگرێت، بۆ خۆی کەسێکی زیرەك و لە بوارەکەی خۆیدا بە توانا و سەلیقەبوو، خۆشی هەمیشە حەزی بە ئیشکردن و کۆشش کردن بوو لە ئیشکردندا، بۆیە بە ماوەی ساڵێك کرا بە بەرپرسی بەشەکەی خۆی، وایلێهات زۆربەی جاران لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیاکە بوو، هەروەها دەسەڵاتێکی کارگێڕی زۆریشی پێدابوو، دوای ئەوەی کە زانی زوو پێشدەکەوێ و لە کاتی پێویستیدا بڕیاری دروستدەدات، کردی بە بەڕێوەبەری بەشێکی کۆمپانیاکە، ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە لایەنی ژمێریاری کۆمپانیاکەوە هەبوو، ئیتر وردە وردە باری دارایشی گۆڕانی بەسەرداهات و بەتەواوەتی بوژایەوە و توانی ئۆتۆمبێلێك و خانوویەکی بچکولەش بۆ خۆی بکڕێت، ئەو ژیانێکی ئارام دەژیا و جار جارەش بیری لە ژنهێنان دەکردەوە، بەڵام تا ئەو ساتیش نەیکردبووە راستی، لە ئەنجامی کارێکی تازەی کۆمپانیا پێویستیان بە پڕکردنەوەی چەند شوێنێك هەبوو کە تەنیا بۆ رەگەزی مێ دیاریکرابوو، ئەوەبوو رێکلامیان لەیەك دوو رۆژنامە بڵاوکردەوە و رۆژی چاوپێکەوتنیشیان دیاریکردبوو.

لەم کارەدا( بەڵێن) خۆی سەرپشك کرابوو کێ هەڵبژێرێ و بڕی مووچەکە و شوێنەکەی و کاتی کارکردنی دابنێت، ئەوان(٦) کەسیان دەویست کەچی پتر لە (٣٠) کەس داوکاریان پێشکەش کردبوو... لەو(٣٠) کەسە نزیکەی(٢٠) کەسیان بەڕێ کرد و ئەوەی مابوونەوە مەرجی وەرگرتنیان تێدابوو، بەڵام دەبوو لە نێو خۆیاندا پێشبڕکێ بکەن و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکرێت، بەشەکەش تایبەت بوو بە بواری کۆمپیوتەر کە دەبوو باشیان لێبزانیبایە، یەکە بە یەکە چاوپێکەوتن کران، تا نۆرە گەیشتە هەشتەمین کەس کە کچێك بوو بە ناوی (پڕشنگ) ، کاتێك بۆ چاوپێکەوتن هاتە ژوورەوە،(بەڵێن) کە بەخۆی چاوپێکەوتنی دەکردن بۆ ئەوەی دڵنیابێت لە توانای ئەوانەی کە ئەو کارەیان پێدەسپێردرێت و دادەمەزرێن، کاتێك چاوی بەو کچە کەوت، یەکسەر حەپەساو تووشی شۆك بوو، دەمێك بوو کچە لە بەردەم دەرگا راوەستا بوو چاوەڕێی فەرمووی دەکرد لێیبکرێ، کەچی ئەوەی بەرامبەری دەمی ببووە تەڵەی تەقیو هیچی پێنەدەگوترا، چاوی تێبڕی بوو سەیری دەکرد، فەرمانبەرەکەی تەنیشتی

هەستی پێکرد و پێیەکی لە پێی ناو و ئاگاداری کردەوە، ئەویش هاتەوە سەرەخۆ، بەڵام گۆڕانێکی راستەقینە بەسەرو سیمای (بەڵێن) داهات و وەکو گوڵێك کە تێر ئاو درابێ و گەش بووبێتەوە، ئاوا گەش بۆوە، هەندێ پرسیاری ئاسایی و سەر پێی لە کچەکە کرد و ناوی نووسی بۆ دامەزراندنی، بەڵام پێشی گوت، کە نەڕوات، دوای تەواوبوونی چاوپێکەوتنەکان بمێنێتەوە دەیەوێ لە رووی کردارەکییەوە تاقی بکاتەوە، ئەوەبوو کاری چاوپێکەوتنەکانی بە زووترین کات تەواو کرد و کارمەندەکانی تری ئیزندا کە بچنەوە سەر کاری خۆیان و کچەکەشی بانگی ژوورەکەی خۆی کرد.

لەگەڵی دانیشت و پرسیاری خێزانەکەی و ئەندامانی خێزانەکەی لێکرد و تێگەیشتن کە مێردی نەکردووە و جارێ پرۆژەی هاوسەرێتی لە خەیاڵدا نییە، ئەو زانیارییانە هێندەی دیکە دڵی (بەڵێن)ی خۆشکرد، جۆری پرسیارەکان و شێوەی چاوتێبڕینی (بەڵێن) وای لە کچەکە کرد کە لە نیازی (بەڵێن) بگات، بۆیە ئیتر بە پارێزەوە وەڵامی دەدایەوە و سەری هەڵدەبڕی، نزیکەی نیو کاتژمێر لەگەڵ کچە دانیشت و ئەویش داوای بەخشینی کرد ئەگەر کاری پێ نییە ئەو دەبێ بچێتە ماڵەوە و ئەرکی سەرشانی هەیە ئەو رۆژە(بەڵێن) خەریکبوو لە خۆشیان باڵ بگرێت، نەیدەزانی چی بڵێت و چی بکات... دەیویست تا زووە ئەو کچە بکاتە موڵکی خۆی، بەهەر چەشنێك بێت بۆ خۆی بێت، خشتەی کارکردن و کاتی دەست کردن بە ئیش ئەوها بوو دەبوو دوای سێ رۆژی تر دەست بەکاربکات، ئەو سێ رۆژە بۆ (بەڵێن) ببووە سێ ساڵ، تا سێ رۆژەکە بەسەرچوو خەریکبوو شەق ببات، ئۆقرەی لەبەر بڕابوو... رۆژی دەستبەرکاربوونی ئەو کارمەندە تازانە دەستیپێکرد و ئەویش چاوەڕێی هاتنی (پڕشنگی) دەکرد کە هات یەکسەر بانگی کردە لای خۆی و لە ئۆفیسی خۆی بوو کاری پێدا، ئەو رۆژە بۆ بەڵێن کورتترین و خێراترین رۆژ، تەنیا بە زمانی گوڵ و دڵ دەدوا، قسە خۆش، رووخۆش، گەشبین، بە زەوق و سەلیقەتر بوو(پڕشنگ) زانی خۆشی ویستووە، بەڵام ئایا نیاز و مەبەستی چییە و کۆتاییەکەی بەچی دەگات نەیدەزانی هەفتەیەکی پێنەچوو پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوان ئەو دووانە دروستبوو، بەڵام هەر زوو دوای هەفتەکە(پڕشنگ) هەستی بە جۆرە دڵپیسییەك کرد کە (بەڵێن) هەیەتی، لە راستیدا تۆزێك نیگەرانی کرد، بەڵام هی ئەوە نەبوو لێی بترسێت.

خۆشەویستی ئەو دووانە رۆژ بە رۆژ زیاتر و زیاتر دەبوو، جوانییەکەی (پڕشنگ)یش رۆژ بە رۆژ دەدرەوشایەوە و زیاتر دەبوو(پڕشنگ) تازە پێی نابووە(٢٣) ساڵی و(بەڵێن)یش لە (٢٩) ساڵیدا بوو، ئەوانە بوونە دوو دڵدار و لەمیانەی دوو مانگی پەیوەندییدا هەموو کارمەندەکان زانیان و تێگەیشتن کە پەیوەندییەکەیان بە زەماوەند کۆتایی پێدێت و(بەڵێن) دەچێتە خوازبێنی (پڕشنگ).. بەڵام ئەوەی کە ئەو پەیوەندییەی شڵەقاند هاتنی بەڕێوەبەرێکی دیکەی بەشێکی دیکەی کۆمپانیایەکە بوو بۆ ئەو بەشەی کە(بەڵێن) تیایدا بەڕێوەبەر بوو، ئەویش چاوی بڕیە(پڕشنگ) و دوور بە دووری سەرنجی دەدایێ،(بەڵێن) هەر زوو هەستی بەمەکرد، بۆیە زۆر زوو پەیوەندی نێوان(بەڵێن) و ئەو بەڕێوەبەرە تازەیە تێکچوو ، ململانێ و جۆرە هەستیارییەکی زەق لە نێوانیاندا دروستبوو... تا وایلێهات کێشەیان بۆ یەك دروست دەکرد، یەکێ لەو کێشانەش بەڕێوەبەرە تازەکە داوای (پڕشنگ)ی دەکرد، بچێتە بەشەکەی و(بەڵێن) یش قبوڵی نەدەکرد.

یەك دووجار لەگەڵ یەك تێك گیربوون، کێشەکە گەیشتەوە بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیا و ئەویش بە وردی لە مەسەلەکەی کۆڵییەوە لەگەڵ (بەڵێن) و پڕشنگ) دانیشت و پێیانی گوت ئەگەر بەڕاستی یەکتریان خۆشدەوێت پێویستە بڕیار بدەن کە بچنە ناو ژیانی هاوسەرێتییەوە و کۆتایی بەم کێشەیە بێنن، ئەگەر نا دەبێ دەستبەرداری کێشەکەیان بن، ئەوەبوو هەردوولا(بەڵێن و پڕشنگ) بڕیاری یەکلایی کەرەوەیاندا کە زەماوەند بکەن و(بەڵێن) بچێتە خوازبێنی و داوای دەستی(پڕشنگ)بکات.. پاش هەفتەیەك (بەڵێن) و(پڕشنگ)ی مارەکرد .. بەڵام ناکۆکی نێوان(بەڵێن) و ئەو بەڕێوەبەرە تازەیە هەر کۆتایی پێنەهات، هەر چەندە ناکۆکییەکە کەمتر ببۆوە، پاش مارەکردن هەردوولا خۆیان بۆ رۆژی زەماوەند ئامادەکرد و رۆژەکەیان دیاریکرد و زەماوەندییان گێڕا.

## دوای بەهاوسەربوون

کە زەماوەندییان کرد و بوونە هاوسەری یەکتر دوو هەفتە پشوویان وەرگرت، پاش دوو هەفتەکە گەڕانەوە سەرکار، بەڵام نێوان(بەڵێن) و بەڕێوەبەرە تازەکە هەر ناخۆش و هەستیار بوو(بەڵێن) وا تێدەگەیشت کە بەڕێوەبەرە تازەکە هێشتا لە خەیاڵی خۆیدا دەستبەرداری(پڕشنگ) نەبووە، بۆیە هەر پەیوەندییەکی بە بەشەکەی(بەڵێن) بکردایە شێتگیر دەبوو، کە بەڕێوەبەرە تازەکە هەستی بەمەکرد، زانی کابرایەکی لە رادەبەدەر گومڕەش و هەستیارە و زۆریش لەسەر خێزانەکەی خۆی، وەك دەڵێن دەلەزرێت، ناچار هەوڵی دا لە (بەڵێن) بگەیەنێت کە ئەو هیچی بەرامبەر ئەوان بەتایبەتیش بەرامبەر بە (پڕشنگ) نییە و ئەو(غیرە) و گومڕەشییەی بێ بنەمایە و ناماقووڵە، بۆیە رۆژێك خۆی چووە ئۆفیسەکەی(بەڵێن) و زۆری هەوڵدا کە لە(بەڵێن) بگەیەنێ باواز لەو ململانێیە بێنێ و ئەو هیچ نیاز و مەبەستێکی نییە، بەڵام(بەڵێن) گوێی لێنەگرت و دەرگای گفتوگۆی لێنەکردەوە، ئەویش بەنا دڵی چووە دەرەوە و نەشیتوانی ئەوەی دەیویست پێیڕابگەیەنێ، چەند رۆژێکی پێچوو، ئەو جارەش چۆوە ئۆفیسەکەی(بەڵێن) بەڵام ئەمجارەیان(بەڵێن) لەوێ نەبوو،بەڵکو(پڕشنگ) خۆی لەوێ بوو، دوای سڵاوکردن باسەکەی لەگەڵ(پڕشنگ) کردەوە و تێیگەیاند کە ئەو هیچ نیازێکی خراپی لە دڵدا نییە بەرامبەر بەوان، ئەوان لەو قسانەدابوون کە لە ناکاو(بەڵێن)، بەژوورکەوت کە چاوی پێکەوتن دانیشتوون ، ئاگر لە چاوەکانی بارین و هەناسە بڕکێ گرتی و شێت و هار بوو، یەکسەر تاوی دایە و کەوتە سەروگێلاکی بەلێدان ، ئەویش هەر هاواری دەکرد رابووەستێ مەسەلەکەی تێبگەیەنێ، کەڵکی نەبوو، لە پڕ(بەڵێن) ئاسنێکی تیژی کەوتە دەست، رایوەشاند و لە تەختی نێوچەوانی بەڕێوەبەرە تازەکەی دا و دەموودەست کوشتی ئیدی


●●●

**تووڕەبوون و دڵپیسی مرۆڤ دەخەنە حاڵەتێکی ناسرووشتییەوە، حاڵەتێک مرۆڤ عەقڵی لەدەست دەدا و ناتوانێ دروست بیربکاتەوە، بۆیە زۆر پێویستە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان خۆمان لەو حاڵەتانە وەدووربگرین یان هەوڵی خۆکۆنترۆڵکردن بدەین**

●●●

# داواکارییەکانی ئەمڕۆی ژنهێنان..
# ئاگرێک هەناوی گەنجان دەسووتێنێ

نەختی زۆر و داواکاریی بێ شــومار، ئەمڕۆکە بۆتە یەکێ لەو هۆیانەی کە ڕێژەیەکی زۆری گەنجان نەتوانن بڕیاری ژنهێنان بدەن، نەختی زۆر بەڕادەیەك تەشەنەی کردووە، هەندێکجار دەگاتە داواکردنی شتی خەیاڵی، ئینجا لەمێژە لەناو کوردەواریدا ئەو پەندە باوە کە دەڵێ: (ئەگەر لەگەڵ بوکێ نەبی، لەگەڵ بەربووکیش نابیت)! ئەم پەندە ڕێك بەســەر ئەو نەریتە کۆمەڵایەتییە دەچەســپێ کە ئەمڕۆکە بۆتە ئاگر و هەناوی گەنجی ئەمڕۆی پێ دەسووتێنرێ، مەبەستیش لێی ئەوەیە کە ماڵی کچە ئــەو داواکارییانەی کە بۆ کچەکەیان داوای دەکەن، دەیانەوێ زاوا دەمودەست و دەستبەجێ، بەبێ دواخستن جێبەجێی بکات ئەگەر ئێستا جێبەجێی نەکات، ئەوە دواتریش نایکات.



ئا: فایلی کۆمەڵایەتی

کە قسە لەگەڵ زۆرێك لەگەنجان دەکەی لەبارەی ژنهێنان و نەهێنان، یەکسەر یەکێ لە هۆیەکانی دەگەڕێننەوە بۆ نەختی زۆر و داواکارییە زۆر و نەبڕاوەکانی ماڵی بووکێ.

(ئەحمەد خەلیل) گەنجێکە تەمەنی گەیشتۆتە(٢٧)ساڵی و تا ئێستاش نەیتوانیوە ژن بهێنێت، بە قسەی ئەو هۆی ئەوەی کە نەیتوانیوە ژن بهێنێت دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئیمکانیاتی دارایی و ئەو نەختە خەیاڵییەی کە لەکاتی داخوازیکردندا ماڵی کچە داوای دەکەن، ئەو بۆخۆی لەو بارەیەوە چەند جارێك چۆتە داخوازی، بەڵام دواجار هەر بێ مایەش ماوەتەوە و نەیتوانیوە ژن بهێنێت.

(ئەحمەد) باشتر دەتوانێ هەوڵەکانی خۆیمان بۆ باس بکات و روونی بکاتەوە، ئەو گوتی: تائێستا پێنج شەش جار داخوازیم کردووە، بەڵام ئەنجامەکەی ئەوەیە کە تا ئەمڕۆش نەمتوانیوە ژن بهێنم.

چوومە داخوازی کچێك، یەکێك لە داواکارییەکانی باوکی ئەوە بوو کە خانوویەکی سەربەخۆ بۆ کچەکەی بکڕم، کە ئەو قسەیەی کرد، نەمهێشت داواکارییەکانی تری باس بکات و گوتم زۆر مەمنوون، خواحافیز، پاش ماوەیەك دایکم کچێکی تری بۆ دۆزیمەوە، گوایە ماڵێکی هەتا بڵێی باش و بەویژدانن و داواکاریشیان وەکو خۆیان هەواڵیان ناردووە، کەمە، کە چووین داواکاریەکانیان ئەمانە بوون: تاخمێکی زێڕ و(١٢)تاك بازنی خەلیجی و جوتە خڵخاڵێك و گوارە و ئەنگوستیلە و ئەڵقە و ئەو وردەواڵانەش لەگەڵ هیچ دانییە، ناوماڵی تەواو و چەند تاخمێك جلوبەرگی کوردی و مۆدە، بەپێی مۆدیل و داواکاری، بەهەرحاڵ هەر توانیم ئەو داواکاریانە ببیستم ئیدی نازانم چیدیکەیان داواکردبوو، خواحافیزیم لەوانیش کرد.

یەك دوو کچی دیکەیان بۆ دەستنیشانکردم و لەوانیش سەرکەوتوو نەبووم، ئیدی بڕیارمدا بۆخۆم بەتەنیا سەرم سپی بکەم و هەر بەتەنیایش سەر بنێمەوە.

## حەفتانەکردنیش، ئاهەنگێرانێکە بۆخۆی

سەرەڕای گرانی نەخت، حەفتانەکردنیش، کە لەدەڤەری سلێمانی پێی دەڵێن (پاشتیلانە) بارگرانییەکە بۆخۆی ئەم بۆنەیەش ئەوەیە کە دوای بووك و گواستنەوە، بە هەفتەیەك ماڵی زاوا دیسان خزم و ناسیاو داوەت دەکەنەوە و دیسانیش شیرینی و پاقلاوە و قوتوو پیپسی و فستق و نوقڵ دەبەخشرێتەوە و جا هەیە میوەجاتیش دابەش دەکات، هەشە سەندویچ و کولیچەش دەبەخشرێتەوە، بەڵام ئەوەی سەیرە لەم نەریتەدا بارگرانییەکە لەسەر ماڵی بووکێیە نەك ماڵی زاوا.

خاتوو (لانە عەبدولستار) کە تازە مانگێکە شووی کردووە و هەندێ لایەنی ئەو باسەمان بۆ باس دەکات و دەڵێ: جاران کە کچێك هەفتانەی دەبوو ماڵە مام و پوور و ئەوانەی تر هەر یەکە و بە گوێرەی توانای داراییان سینییە پاقلاوە یا شەکرلەمەیان دەناردە هەفتانەی بووکێ، چونکە شیرینانی هەفتانە، بەپێی عادەت لەسەر ماڵی بووکێیە، ئەمەش هەندێکجار زێدەڕۆیی لێدەکرێت و خەرجییەکی زۆری لێ بەهەدەر دەدرێت، تەنیا لەبەر ئەوەی نەریت و چاولێکەرییەکە و هیچی تر... راستە جۆرێك لە هاوکاری دارایی تێدایە بۆ بووك و زاوا و پاڵپشتییەکە بۆ ئەوان، بەڵام خەرجییەکەشی کەم نییە.

## بێ لە هەفتانە،(پێ) کردنەوەش هەیە

(پێ) کردنەوەش نەریتێکی دیکەیە و لە چوارچێوەی نەریتی ژنهێنانە، ئەگەرچی ناچێتە قاڵبی بارگرانی کردنی ئەرکی زاوا و بەشێکیش نییە لە نەخت، بەڵکو لە راستیدا باربووکردنی ماڵی زاوایە، بەڵام هەر لە چوارچێوەی ڕێوڕەسمی ژنهێنان دایە، (پێ) کردنەوەش ئەوەیە کە دوای ماوەی هەفتانە خزم و کەسوکارە نێزیکەکانی بووك، هەردووکیان داوەت دەکەنە ماڵی خۆیان و دیارییەکیان دەدەنێ، جا دیارییەکە یان پارەیە، یان شتێکی ناو ماڵە وەك، سۆپە، یان سپلیت، تەباخی غاز، رایەخ، یان پارچە قوماشێك دەبێ، ئەوە بە گوێرەی توانای دارایی ماڵەکەیە، ئەمە جۆرێکە لە رێزلێنان لە بووکێ، ئەم نەریتە لایەنێکی باشی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەیە کە لەناو میللەتەکەمان هەیە بەتایبەتیش لای خەڵکانی شارستان... بەڵام بەگشتی بەداخەوە رۆژ لە دوای رۆژ مەراسیم و پرۆسەی هاوسەرگیری قورستر دەبێ، ئێستا وێڕای، ئاهەنگی گواستنەوە ئاهەنگی مارە بڕین و پێ کردنەوە و سەفەرکردن بۆ دەرەوەشی هاتۆتە سەر.

## داواکردنی جلوبەرگ لەسەر مۆدیل و ستایلی تازە

(بورهان زرار مەحمود) ئەوەمان بەبیر دێنێتەوە کە جگە لەو نەختە زۆرەی کە ئێستاکە زۆر بنەماڵە و خێزان هەیە بۆ کچەکانیان داوای دەکەن و باری کوڕە گران دەکەن، بارگرانییەکی دیکەش هەیە کە خودی کچەکە خۆی دەیخاتە ملی کوڕەی خوازبێنیکار ئەویش داواکردنی جلوبەرگە لەسەر مۆدیلات، با بۆ خۆی بۆمان باس بکات و زۆر سەیرە کچ هەیە هیچ کێشەیەکی نییە ئەوە نەبێ هەتا پێی بکرێ باری کوڕە گران و قورس و قورستر بکات.

ئێمە بۆ برایەکمان کە تازە لە کۆلێژی ئەندازە دەرچووە و حەزی لە کچێکی هاوپۆلی خۆی دەکرد، چووینە داخوازی، کەچی کچە لە جیاتی ئەوەی باری براکەمان سووك بکات یان شتێك داوا بکات کە خۆی و براکەم لە ژیانی هاوسەرێتیان سوودی لێ ببینن، کەچی داوای کڕینی دواترین مۆدێلی جلوبەرگی لەو سوپەرمارکێتانە کرد کە بەوە ناسراون و نرخی جلوبەرگیان تا بڵێی گرانبەهایە و خواش دەزانێ کە نە(مارکە)ن و نە جۆرەکەشیان باشە کەچی نرخەکانیان خەیاڵییە. ئاخر تۆ بەیانی دەبێتە ژنی ئەو کوڕە ناپرسی ئاخۆ قەرزار دەبێ، باری سەرشانی قورس دەبێ، لەسەر حیسابی تەندروستی و حەسانەوەی دەبێ ئەو شتانە بکڕێ و پارەیان بۆ بژمێرێ..؟ بەداخەوە بەشێکی زۆری کچانی ئێستا ماڵداری نازانن و تەنانەت کچی وا هەیە لەیەك دوو چێشت بترازێ چیتر نازانن، ئاخر نازانم ئەمانە چۆن ماڵ بەڕێوە دەبەن، کاکە دەردی مۆدیلات ئەمڕۆ زۆر کچی گرتۆتەوە و ئەوەش یەکێکە لە مەسرەفەکانی ژنهێنانی تازە.

●●●

**کوڕێك: یەکێك لە داواکارییەکانی باوکی ئەوە بوو خانوویەکی سەربەخۆ بۆ کچەکەی بکڕم، کە ئەو قسەیەی کرد نەمهێشت داواکارییەکانی تری باس بکات، گوتم: زۆر مەمنون خواحافیز**

●●●

●●●

**وێڕای ئاهەنگی گواستنەوە، ئاهەنگی مارەکردن و پێ کردنەوە و گەشتکردن بۆ دەرەوەش زیادی کردووە**

●●●



# کەمتەرخەمی و پارە خێزانێک

سەدجار خۆزگەم دەخواست هەژاربووینایە نەک دەوڵەمەند، تا ژیانمان بەو شێوەیەی لێنەهاتبایە

ئا: ناسک سەعید- سلێمانی

کاتێك مرۆڤەکان باس لەژیان و بەســەرهاتی خۆیان دەکەن،هەریەکەیان کە کێشەیەکی لاوەکی کە لەگرنگی پێنەدان بەو هۆکارانە توشی کێشەگەلێکی قورســتر دەبنەوە، لەدوایدا و لەکاتی لەدەستدانی ساتە بەنرخەکان هەست بــە کەمتەرخەمی خۆیان دەکەن و دەبینن ئەو ئاکامە خراپانە کاریگەری نێگەتیڤی لەســەر تەواوی ئەندامانــی خێزانەکە بەجێهێشــتووە، لەناو خێزانیشــدا بەپلەی یەکەم رەگەزی مێ زیاتر کاریگەری لەسەر دەبێت، هــەروەك خاتوو " تارا" باس لەو گرفتانە دەکات کە لەخێزانەکەیدا زۆر بە لاوەکی سەیر دەکرا تا لەدوایدا هەموو خێزانەکەی بە خەمەوە تلاندەوە.

باوکم مامۆســتا بــوو لەیەکێك لە قوتابخانە ســەرەتاییەکان، هەتا بڵێی پیاوێکی رووخۆش و دەست و دڵ باش بوو، حەزی دەکرد ئەوەی هەیەتی لەســەروەت و سامان بەشی کەسانی دەوروبەری بدات و بێبەشیان نەکات، ئــەو کاتەی گرانی بوو خەڵك بەدەســت هەژاریەوە دەیــان ناڵاند، باوکم خاوەنی ســەدان هەزار دینار بوو، تا وای لێهات بەهۆی ئەو ســەروەتەی کەلەرێگــەی باوکیەوە بــۆی مایەوە توانی بازرگانــی پێبکات و ببێتە کەســێکی دەوڵەمەند و خاوەن پارە، هەمیشــە مرۆڤە هەژارەکانی بەسەر دەکردەوە و هاوکاری دەکردن. رۆژ بە رۆژ باوکم بەهۆی بازرگانیەوە لەماڵ دوور دەکەوتەوە، رێدەکەوت بە دوو هەفتە نەدەهاتە ماڵەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەهێشت وەك خێزانەکەمان کەموکوریمان هەبێت چونکە پارەی تەواوی خستبووە ژێر دەستی دایکم و براکانم، بەڵام لەبەرئەوەی لێپرسینەوەی نەبوو بۆمــان و گرنگی پێنەدەداین ئەم خێزانــە وای لێهات هەرکەس بۆخۆی گەورەیەك بوو، کەس راوێژ و پرسی و دایك و باوك نەدەکرد، هەرئەمە بووە رێخۆشکەرێك براکانم هەردووکیان هەرچەند منداڵیش بوون بیر لە هەندەران بکەنەوە، سەرەتا برا گەورەکەم تەمەنی ١٩ ساڵ بوو،بیری لەم مەسەلەیە کردەوە و لەگەڵ ئەوەشــدا هاوڕێکانی زیاتر هانــدەری بوون، دەیانزانی بۆچوونی خۆی لەســەرووی هەموو بۆچونەکانەوەیە و کەسێك نییە رێگر بێت لەبەردەم ئەم ســەفەرەیدا، بەهەمان شــێوەش بیرکردنەوەکانی خۆشی لــەو چوارچێوەیەدا بوو. بەهەوڵی خــۆی قاچاخچی پەیدا کردوو بە بڕە پارەیەکی زۆر سەفەری کرد، تا ئەو کاتەش باوکم ئاگاداری ئەم سەفەرەی نەبوو،چونکە وەك ئەوەی باوکم ســەرقاڵ بوو دایکیشــم زۆر خەمخۆری خێزانەکەمــان نەبوو، هەرچەند پێم دەگــوت دایکە مەهێڵە کوڕەکانت بەم شــێوەیە رەفتار بکەن و لێیان بپرسە بزانە بۆچی وازیان لەخوێندن هێناوە، هەمووی بێ ســوود بوو پێی دەگوتم رۆڵەگیان خۆ براکانت منداڵ نین چاکەو خراپــەی خۆیان دەزانن ئیتر بۆچی من پێیــان بڵێم؟ بەهەرحاڵ براکەم ســەفەری کردو پاش (٥٤) رۆژ هەواڵمان زانی کەسمان باوەڕمان نەدەکــرد کە لەژیانــدا مابێت، لەدوایدا کە پەیوەنــدی پێوەکردین گوتی دەبێــت باوکم پارەی ترم بۆ بخەوێنێت تا دەگەمە شــوێنی خۆم، چونکە قاچاخچیەکــەی تر خۆی لێشــاردوینەتەوە و نازانین لەکوێیە،باوکیشــم بــڕە پارەیەکی زۆری بۆ ئامادەکرد و بــۆی حەواڵەکرد، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ کۆمەڵێك گەنجی تردا لەکاتی پەڕینەوەدا بەلەمەکەیان شــکابوو هیچ کامیان مەلەشــیان نەزانیبوو بۆیە هەموویان خنکان، مردنی براکەم ئەوەنــدەی تر خێزانەکەمانی بەرەو هەڵدێــر و وێران بوون برد، نەباوکم، نە دایکم هیچ کامیان نەیانتوانی بەرگەی ئەو خەمە گەورەیە بگرن.

دواتــر (تارا) دەڵێت نازانم بۆچی تەماحــی دنیا دەبێت ئاوات لێبکات و خێزانت لەبیر بەرێتەوە، ســەدجار خۆزگەم دەخواســت کە ئەوپەری هەژار




بووینایــە نەك ژیانمان بەو شــێوەیەی لێبهاتایە، مردنی براکەم وای لەبرا بچوکەکەم کرد پەشیمان بێتەوە دەترسا بەهەمان دەرد بچێت.

دوای مردنی برا گەورەکەم ئەوەندەی تر باوکم پشتگوێی خستین و لەدوایشدا دەستی کرد بە مەی خواردنەوە، دەیگوت بۆئەوەی خەمی کوڕەکەمم لەبیر بچێتەوە، ســەرەتا دەچووە نادی لەگەڵ هاورێکانیدا دەیانخواردەوە، بەڵام لەدوایدا دەیهێنایەوە بۆ ماڵەوە، ئەویش لەدوای کاتژمێر (١١)ی شــەوەوە دەهاتەوە، دەیگوت ســەرقاڵی کارکردنم، هەرگیز نانی لەماڵەوە نەدەخوارد دایکیشــم دەیگوت باوکت نەیەتــەوە منیش خواردن حازر ناکەم و دەچینە دەرەوە بۆنان خــواردن یان زۆرجار خواردنەکەمــان دەهێنایەوە بۆ ماڵەوە، دەپرسم ئەگەر خێزانێك بەو شێوەیە بن دەبێت لەمە زیاتر چارەنوسیان بەرەو کوێ بڕوات؟ باوك بەدەر لەوەی کە فێری مەیخواردنەوەیەکی بێ رادەبوو ئینجا دەستی دایە قومارکردن تا وای لێهات هەرچی پێی بوترێت سەروەت و ســامان لەدەستیدا هەروەك خۆی باسی دەکرد شەو هەبووە دوو تا چوار دەفتەری دۆڕاندووە.

لەبەرامبەر ئەم هەڵسوکەوتەی باوکم،دایکم هەمیشە شەڕی لەگەڵ دەکرد چونکــە دەیزانی بارودۆخی خێزانەکەمان بەرەو چ ئاقارێك دەروات، بەڵام تازە هیچ سودی نەبوو لەسەرەتاوە گوێی پێنەدەدا و وەك تۆڵە سەندنەوەیەك لەباوکم ئۆتۆمبێل لەســەر ئۆتۆمبێل دەیگۆڕی یــان ئاڵتوونی دەکڕی، کاتێك باوکم هیچی بەدەســتەوە نەمــا بێگومان داوای لەدایکم دەکرد کە ئۆتۆمبێل یان ئاڵتونەکانی بۆ بفرۆشــێت، دایکم رازی نەبوو بەمە، دوای چەندین شــەڕ و ئاژاوە و ناخۆشــی وتۆران، داوای کرد جیاببنەوە،باوکم ئەم داوایەی پەســەند نەکرد، بەڵام دایکــم بەزۆری خۆی جیابووەوە، بەم حاڵەشــەوە هێشــتا باوکم وازی لە مەیخواردنەوە نەدەهێنا، من و براکەم تەواو بێزاربووین، ئێمــەش ناچاربووین چووینە ماڵی مامم، هەر لەدوای ئێمە باوکم خانووەکەشــمانی فرۆشت، هەروەك باســم کرد باوکم پیشەی مامۆستابوو، چونکە کاری بازرگانی دەکرد وازی لە مامۆستایی هێنا، لەدوای فرۆشــتنی خانووەکە هیچ کارێك نەما بیکات تەنانەت ئیفلاسی لە کۆمپانیا و هەموو شــتێك کرد، ناچاربوو بچێتە ئوتێلەکان بخەوێت، بۆ چارەسەرکردن و قەرزدانەوەی کرێی ئوتێل مامم ناچاربوو بچێت قەرزەکانی بداتــەوە و باوکم بهێنێت بۆ ماڵی خۆیــان، باوکم بەم داوایە رازی نەبوو. جگەلەم هەموو گرفتە باوکم ســیەکانی تووشی نەخۆشیەکی قورس بوو پێویستی بەچارەسەرکردن هەبوو لەدەرەوەی وڵات، بۆ چارەسەرکردن لەگەڵ کوڕێکی مامما چوونە وڵاتی ئێران بەڵام نەخۆشیەکەی زۆر قورس بوو دوای چوار مانگ بەو نەخۆشیە کۆچی دوایی کرد.پزیشکەکە بە کوڕی مامی گوتبوو کە باوکم جگە لە مەی شــتی تریشی بەکارهێناوە، بۆیە نەتوانراوە چارەسەری بۆبکەن.

**لەدوای مردنی باوکم....**

لەدوای مردنی باوکم ئەوەندەی تر من و براکەم لەرووی دەروونییەوە حاڵمان خراپتر بوو، تەنانەت وام لێهات واز لەخوێندن بهێنم، ئەو کات لە شەشــی ئامادەیی بووم، پێش ئەوەی باوکم کۆچی دوایی بکات، دایکم تووشــی ڕووداوێکــی ئۆتۆمبێل ببوو، ئەویش تەندروســتی زۆرباش نەبوو، کاتێك پەیوەندیــم بەدایکمەوە کرد پێمان خۆشــە بچینە لای ئەو بەیەکەوە بژین، بــەڵام خاڵم رازی نەبوو دەیگوت لەوکاتــەی دایك و باوکت جیابوونەتەوە ئێوە لای باوکتان بوون ئێســتاش نابێت بێن بۆلای. هەرچۆنێك بێت دایکم هەســتی بەوە کردبوو ئەگەر ئەویش کەمتەرخــەم نەبووایە خێزانەکەمان لەوانەبوو بەو شــێوەیەی بەســەرنەهاتایە، بەڵام هەموو ژیانمان لەســەر کەمتەرخەمی و پارە دۆڕاند، و جگەلە تانەو قسەی خەڵك . من و براکەم بەردەوام کاردەکەین ئینجا دەتوانین بژێوی خۆمان دەربکەین، پێشــتریش گاڵتەمان بە هەژاری دەهات، راســتە ئێســتا ژیانمان بەو شێوەیە بەڵام خۆشەویستی و رێز زیاتر لەناوماندا هەیە.

**(کەمال عومەر) توێژەری کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە خوێندنەوە بۆئەم جۆرە حاڵاتانە دەکات:**

پــەروەردەی خێزان بنەمایەکی ســەرەکیە بۆ پتەووبــون و مانەوەی خێــزان، بــێ بەرنامەیی و شــپرزەیی وا لەخێــزان دەکات هەرکەس لەئاســت خۆیەوە بڕیاردەربێ، بێ ئەوەی بزانێت کێ جێبەجێکاری ئەو بڕیارانەیە. لەخێزانێکی لەوشێوەیەدا پارە بۆتە هەموو شتێك و جێگەی خۆشەویســتی و رێزی گرتۆتەوە، هاوکات دایك و باوکیش گەورەترین گوناهبارن بەرامبەر ئاڕاستانەی ئەم خێزانەی پێدا تێپەڕیووە، مردنی ئەندامێکــی خێزان هەرگیــز نابێ ببێتە هۆی ئــەوەی باوك بیر لە مەی خواردنــەوەی بکاتەوە بۆ رەواندنەوەی خەمەکانی، بەپێچەوانەوە ئەو پارەیەی بەو شــێوەیە خەرجی کردووە ئەگەر لەسەر بەرنامەیەکی باش بووایەو هەوڵیانبدایا ســەفەرێك ئەگەر لەناوکوردستانیشــدا بێت بیانکردایە دەبووە هۆی ئەوەی خەمی دڵیان کەم بێتەوە، بەڵام هەروەك باوکیان بەو شێوەیە بووە دایکیشیان کەسێکی هۆشیار نەبووە، لەئێستادا هەســت بەو هەڵانە دەکات کە روویداوە، ئەگەر بەردەوام لەســەر ئەو بیرکردنەوەیــە بێت و بتوانێت ســوود لەهەڵــەکان وەربگیرێت دەتوانن جارێکی دیکە دەســت بە ژیانێکی تەندروست بکەنەوە. دەبێت مرۆڤ هەمیشە بەســەر گرفتەکاندا زاڵ بێت و لاواز نەبێت لەبەرامبەریانداو ژیانی خۆی تەســلیم بە قەدەر بکات، دەکرێت گەشــبینتر ســەیری ئایندەی خۆمان بکەین.

●●●

**کە باوکم سەروەت و سامانەکەی دۆڕاند، داوای لە دایکم کرد ئۆتۆمبێل و ئاڵتونەکانی بۆ بفرۆشێت، بەڵام ئەو رازی نەبوو هەر ئەمەش وایکرد لێکجیاببنەوە**

●●●

●●●

**توێژەرێکی کۆمەڵایەتی: لە خێزانێکی لەو جۆرەدا پارە بۆتە هەموو شتێک و جێگەی رێز و خۆشەویستی گرتۆتەوە، هاوکات دایک و باوکیش گوناهبار و بەرپرسیارن کە خێزانەکەیان بەو ئاراستەیە بردووە**

●●●